خۆن و ئاواتی کۆمارکان، ئیلهامی دونیایەکی سۆشیالیستیە.. جەمال کەشش

هەفتەی خوێناوی پاریس

(٢١) تا (٢٨) ئایاری ساڵی (١٨٧١) لەشکرێکی سەروو سەد (١٠٠) هەزار کەسیەوە، پێ چەک و جبەخانە و ئەسپ سواری کۆماری فەرەنسا بە فەرمانی سەرکۆزیران (تیرئەدۆف) لە ماوەیەکی ملکەچکرانە و لەگەڵ (ئەتە ڤۆن بسمارک)ی ئەڵمانیا کە چل (٤٠) هەزار سەربازی دیلی ئازادکراوبوون بەمەرجی دەستنەپاراستن و کوشتنی عەمدی بە ئەنقەستی لە کۆمارکان و خەڵکی پاریس و لەدوان نەدان بە هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن، پاریسیان وەران و کاول کرد، کوشتاری بەکۆمەڵ، دیلکوشتن، ژنکوشتن و ئەتکردن و تاوانی سەکسی و بەمبارانیان ئەنجامدا. لە بەرامبەر نزیکەی چل (٤٠) هەزار گاردی نیشتمانی و کۆمارکاندا، هەر (٩٠٠) سەنگەرکەیان داگیرکرد و حکومەتی هەڵبژێردروای شورایی کۆمانیان ڕوخاند. بە ماوەی پێنج (٥) ساڵ حوکمی عەسکەریان سەپاندو زیاتر لە پێنجا (٥٠) هەزار کەسیان بەرەو دادگای سەربازی و مەدەنی ڕاپێچکرد و لە شانگریەکی هەڵبەستراودا، بەیاری لەسەدارەدان و زیندانی و دیپەرتکردنەویان جەبەجێدەکرد. (پیەر فیەنەر) ژورنالیستی سۆسیالیست بە کوشتنی چل (٤٠) هەزار کەس مەزەندەی کردووە.

(ئوگین ڤالین) ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی ئەنتەرناسیونالی یەکەم، لە ڕۆژی (٢٨) مانگ دەگیرێت، پاش ئەشکەنجەدان دەیکوژن، کەمێن، گەورەترین شەڕی نەخەیی لە مێژووی فەرەنسادایە.(هاوڕێی چەکەکان و گوللەبارانکردنەکان لە یەک بە یەکی شۆقامەکان هەبوون، زۆرێک لە ژنان وەکو من بەتاوان بوون، دەستەڕێیان لێدەکردن و دەیانکوشتن بە تەنها ئەوە بەس بوو، شۆڕیان لەوان بچوایە، ژنە نوسەر (لویس کەلت) بە چاوی خەی بینویەتی و لە ڕۆژی بیست و هەشتی مانگی پێنج (٢٨/٥) نوسیویەتی، ڤە دە ئار ٥). ئەو ژنە زیندانیانەی دەگوازرانەوە بە ڤێرسای بەشۆقامەکاندا تف باراندەکران و شتیان تێدەگرتن و ژنە دەوڵەمەندەکان بە چەترەکانیان لێیان دەدان. (ڤەتز مەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنە سۆشیالیستی ئەمریکایی کارلین یەت، ئیخنەر٢٠٢١).

کۆمۆنی زانیاری بۆزمانی کوردی

لە بارەی شۆڕشی سۆشیالیستی کۆمۆنە و یەکەم حکومەتی کرێکاری کۆمۆنارەکان لەپاریس لە (١٨) ئادار تا (٢٨) ئایار ساڵی (١٨٧١) بۆزمانی کوردی، زانیاری یەکجار کەم. پەکردنەوەی کتێبخانەی سۆشیالیستی دەربارەی ئەم پرسە گرنگە، پەیوەندییەکی قووڵی بە بەدەرکردن و خاوێنکردنەوەی هەژموونی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی و لیبەرالیزمەوە هەیە.

ئەم جەنگە چینایەتییە فراوانەی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیستەکان و ئەنارکیستەکان و بلانکیستەکان و ... و کاریگەری ئینتەرنسیۆنالی یەکەم و هاوپشتی و سۆلیدارەتی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنستی ئەوروپا لەو حکومەتیان، بە کۆمۆنیستەکانی عێراق بابەتکی لاوکی و ئاگوزەر نییە.

شۆڕشی کۆمۆنە، گرێدانی تەواوی ئازادییەکان و ژگاری کۆمەڵایەتی و بەختەوەری و برایەتی گەلان، شتێک دەدات بە شۆڕشکی واقعی لەدژی کاری بەکرێ و پیۆندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. جیاکردنەوەی بەتەواوی دین لە دەوڵەت و پڕوگرام و گۆڕینی سیستەمی خوێندن و خەڵایی کردن و ئیجباری کردنی خوێندن، قەدەغەی شوکاری و کاری منداڵان و مافی هاوڵاتی یەکسان بە سەرجەم دانیشتوانی پاریس کە لەو دەمەدا زیاتر لە سەد (١٠٠) هەزار کرێکاری ئەمانی و پۆلۆنی و هۆنگاری و ئیتالی تیا دەژیان.

ناسینی بە شکڵی منداڵانی دەرەوەی پیۆندی نەریتی خێزان و مافی یەکسانی کرێی ژنان و پیاوان کە کۆشیەکی گەورەی خێزانە کرێکارییەکان بوو ...هتد لەنەو جەرگەی شۆڕشی پروسیا (ئەمانیای ئێستا) و فەرەنسا، هەژاری کوشندە و کاری تاقەتپەوکێنی و دوازدە (١٢) سەعاتی شەش ڕۆژە، نەخوێندەواری و نەخشیە بەربڵاوکاندا، زەر تایبەتە. ئەمانە شکاندنی ژورکانی باستیلی سەرمایەبوون نەک، یەفەرم.

لە زمانی مانیفێستۆوە

لە ئەوروپا بگشتی و فەرەنسا و ئەمانیا و بەریتانیا و بەلجیکا و سویسرا، بزوتنەوەیکی بەهێزی هەمە ڕەهەندی ڕادیکاڵی کرێکاری و سۆشیالیستی و دیموکراسی شۆڕشگێڕانە پەیدا ببوو دەیەی شستکانی ساڵی کۆمۆنە، دەیەی شکڵگرتنی یەکێتی و سەندیکا و خەباتی نەونەتەوەیی سوشیالیستی بوو. دەیەی پکهێنانی دەیان و سەدان کۆی

خۆشنبیرکردن و هێکخراوبوونی کرێکاران بوو. لە (١٨٦٦) ئازادی چاپ و کۆبونەوە پەسەندکرا لایەن پەناپارتەوە، دەیان هێژنامە و سەدان میتنگ سازدەدارن.

ئینتەرناسیونالی یەکەم (١٨٦٤)، نەقابەکرێیەکارییەکانی بەریتانیا (١٨٦٦)، حزبی کاری ئەڵمانیا (١٨٦٦)، پەرەگرتنی حزبەکانی سوسیال دیموکرات شوشگەر لە ئەڵمانیا، لەگەڵ پەرەسەندنەکی زۆر خێرایی پیشەسازی و سەرمایەگوزاری کشتوکاڵی و کۆبونەوەی دانیشتوان لەشارگەورەکان. سەرمایە لەپە کەکەیەکی بەوننە و هەتەقینی گەورە سەرمایەدارەکان و لایەکی تریەوە گەڵکە هەژارەکان بە باوتر و برسی تر و خزانکرێکارییەکان بە بژویان دەبوو هەموو کار بکەن. کەمنیزمی شوشگەر ئیدی بەرەو هەنگاوی کەمایەتی چینایەتی گەورە دەردەکەوت، … لقەکانی ئینتەرناسیونال لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەلجیکا و بەریتانیا و ئەمەریکا و ڕوسیا لە گەرمەی تەهەچونەکاندا بوون.

هاوپشتی نوونتاویی کرێکاری

ناردنی نوێنەری ئینتەرناسیونال بۆ کەمەنە (ئەلیزابیت دیمتری و هاوەڵەکی) کە دەیەمین هێژ دەگەن، ئەلیزابیت کە خەی بەچەک ڕوسیی بوو وە بۆ خونندن هاتبوو بۆ جنێف، لەوێ لەگەڵ کەمنیستەکانی جنێف ئاشنایەتی پەیدا دەکات و ئەوانیش بۆ لەندەن بۆ لای مارکس دەینێرن، وە لەسەر داوای مارکس دێنەوات. هەر چەند تەمەنی ٢٠ ساڵ بەڵام یەکسەر دەست بە هەڵسوانی جددی دەکات و گەورەترین و کاریگەرترین هێکخراوە بەناوی (یەکێتی ژنان) دروست دەکات. کرێکارانی ئەڵمانیا لەشارەکانی بەرلین، لیپتزیگ، دیدرسدن، خیمنتز، هامبورگ، هانۆڤەر، برێمن، ئیلبرفێلد، نەرمبیرگ، دەستیان بەچالاکی سیاسی و کۆبونەوەیان پشتیوانی بۆ کەمنارەکان کرد. لە نامەیەکی پیرزبایدا سێ (٣) هەزار کرێکاری هانۆڤەر هاوچارنوسی خۆیان بۆ کەمنارەکان ناردبوو. (فرێدرنارد ئۆگست بیبل) هەڵسوراوی کرێکاری و ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا و دامەزرێنەری حزبی سۆشیال دیموکرات، لەبەاوترین کەمنەستی نوونتاویی بوو کە لە دژی سیاسەتی عەسکەرتاریەتی وەاتەکەی خۆباتی دەکرد داوای وەستانی جنگی دەکرد کە ئەو دەم لەشکری ئەڵمانیا، تاوقی پاریسیان دابوو. کرێکارانی بەریتانیا و نەمسا و بەلجیکاش بەهەمان جۆر. بەاوکراوە و هێژنامەکانیان هەموو هێژێک بەوردی ڕوداوەکانی شۆشیان دەگواستەوە.

شەش و ێیفەرم و ژنان و کەمونە

هەرچەند لەم نوسینەدا،هیچ دەرفەت نیە، ئەزمونی کەمانە شرۆڤە بکەم. چەند دێرێک زێر بەپەویست دەزانم کە بینوسم لەپێوەند بە حکومەتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای پاریس. کەمانە لە دوازدە (۱۲) شوێنی تر دامەزرا لە (لیۆن) و (مارسیلا) تەمانیان دوازدە (۱۲) هەژ بوو. ببینن بەرژوازی بە چ کوشتارێک حکومەتی هەبژەردراوی کەمانارکانی خاپوور کرد. سەد و نەوەد (۱۹۰) هەزار کەس دەنگیان بە کەمانەدا، چل و پێنج (٤٥) هەزار کەس دەنگیان نەدا. خەزانە بەرژواکان زووتر شاریان چۆلکردبوو.

ئەو دەمە کەماری فەرانسا لە کۆبەکێیکی ئیمپریالی گەورەدا بوو لەگەڵ بەریتانیا و ئەڵمانیا، لە شەڕدا بوو لەگەڵ پروسیا، بەڵام کرێکاران و سۆشیالیستەکان، خەباتی بنچینەیی خۆیان جێنەهێشت و فریوی کەشمەکەشکانی نەو باڵکانی بەرژوازیان نەخوارد.

مارکس لەو بارەوە زێر بەباوەڕە دەڵێت، کەمانە حکومەتی فراکسیۆنکی بەرژوازی نەبوو بدرێتە فراکسیۆنکی تر. کەمانە خۆی حکومەتێک بوو بە تێکشکاندنی ئەم ئامازە سەرکوتکەرە شەرمهێنەرە.

هەرچەند دووژنە هەسوواوی کەمانە خۆیان پێشتر هەسواو بوون لەگەڵ چەند ژنە بەرژوازییەکی تر بە بەدەستهێنانی مافی دەنگدان، بەڵام هیچ گرنگییەکی لە کەمانە نەبوو بۆیان، ئەوان بەشوێن گۆڕینی سیستەمەوە بوون تەنانەت لە حکومەتی کەمانەشدا، ئەوان هەرچەند بەتاڵەنی خەشیان هەبوو، وە دواین کەس بوون کە شکستیان خوارد، ژنان لەو دەمەدا بەتەواوی دەیانوێست قوچکەیی (هیراکیەتی) چینایەتی و جێندەری هەتەکێنن.

جەمال کەشش

ئایاری ۲۰۲۵

"تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی" لە ئێرانی ژێر دەستەکانی دیکتاتۆریدا!.. نووسینی عەبدولڕەحمان گۆرکی

تاوانکانی ساڵی 1988ی ڕژێمی مەزهەبی لە ئێران زۆرن و بە تێپەڕبوونی ساڵان و ڕۆژان، ڕەهەندی زیاتری لە ئاشکرا دەبێت. گومانی تێدا نییە کە هەموو لایەنکانی ئەم تاوانە تەنیا ڕۆژێک دەخرێتە بەردەستی خەڵکی ئێران و جیهان کە ئەم دیکتاتۆرییەتە ڕووخابێت.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨ چی ڕوویدا؟

هەرچەندە زۆرێک باسێت و گوتار لەسەر ئەم پرسە نووسراون و هەریەکەیان گۆشەیەکی ئەم تاوانە ترسناکیان نیشانداوە، بەڵام لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨دا، تەنها چەند هەفتەیەک دوای قبووڵکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش لەلایەن ڕژێمی مەزهەبیی ئێران و کەتاییهاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، کارەساتێک لە پشت دەرگا داخراوەکانی زیندانەکانی ڕژێمی مەزهەبیی ئێران ڕوویدا کە تا ئەمڕۆش وەک یەکێک لە گەورەترین (تاوانکانی دژ بە مرۆڤایەتی) و (ژینۆساید) لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ناسراوە. واتە کەمەکوژکردنی زیاتر لە (30) هەزار زیندانیی سیاسی کە زیاتر لە سەدا ٩٠ی قوربانییەکانی، ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی موجاهیدینی خەلقی ئێران بوون و ئەوانیتریش لە گرووپ و بزووتنەوەگەلێک بوون کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ژێر کاریگەریی کەشوهەوای سیاسی و فیکریی ئەم ڕێکخراوەدا بوون. خاڵی هاوبەشی هەموو شەهیدانی ئەم قەتڵوعامکردنە، دژایەتیکردنی جددی و گشتیی ئەوان بوو بەرانبەر بە سیستمی ویلایەتی فەقیهی، کە ڕەنگە بەشێک لە ئیعدامکراوەکانیش بە خۆشاردنەوە لە دەرهاویشتەکانی ئەم تاوانە، لە لایەن ڕژێمی دژە گەلیی ئێرانەوە ئەنجامدرابێت.

لەم تاوانە ترسناکەدا دەیان هەزار زیندانی سیاسی کە تەنانەت هەندێکیان، ڕۆژانی سەپێنراوی سزاکەیان تێپەڕ دەکرد، یان ماوەی زیندانیبوونیان تەواو بووبوو، لە دادگاییکردنەکاندا کە تەنها چەند خولەکێکی خایاند، تەنها بەهۆی پابەندبوونیان بە بیروباوەڕی سیاسی خۆیانەوە، سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندرا. ئەم

دادگایانە کە دواتر بە "دەستەی مەرگ" ناسرا، لە کەسانی وەک حوسێنعەلی نەییری (دادوەری شەرع)، مستەفا پورمحەمەدی (نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات)، ئیبراهیم رەئیسی (داواکاری ئۆکاتی تاران) و ئاخوند ئیشراقی پێکهاتبوون. زۆرێک لەو کەسانە لە پستە سەرکیەکانی حکومەتدا بوون یان هێن، کە ئەمەش راستیەکی تاڵ و ئاماژەیە بۆ بەردەوامبوون و شەرعیەتدان بەو تاوانە لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە.

فەتوای خومەینی بۆ کەمکوژکردنی زیندانیانی سیاسی

خاڵی دەستپێکی ئەم تاوانە بۆ وێنەیە، فەتوای ئاشکرای خومەینی، دامەزرێنەری رژێمی مەزهەبیی ئێران بوو کە لە نامەیەکی فەرمیدا، فەرمانی دا هەموو ئۆوانەی "لەسەر هێڵەستن"، بە بڕەحمکردن لە سێدارە بدرێن. ئەم فەتوایە نەک لەسەر بنەمای پێسەیەکی دادوەری، بەڵکو تەنها بەهەی بیروباوەڕی سیاسی و ئایدیەلۆژی و بە مەبەستی ژینەسایەدکردنی ئازادیخوازان و بەتایبەتی موجاهیدینی خەلق دەرچووبوو.

بڕپرسانی دیکەی دەزگای دادوەری و ئاسایشی وەک لەم تاوانەدا ڕۆیان هەبووە بریتین لە: موسەوی ئەردەبیلی (سەرکی ئۆکاتی دادگای باڵا)، ئەحمەد خومەینی (کوڕی خومەینی و ئاڵقەی پەیوەندیی نێوان خومەینی و دەزگا ئەمنیەکان)، حەمید نووری (سەرپەرشتیاری پێشووی زیندانی گۆهەردەشت کە لە وەاتی سوید، بە تاوانی بەشداربوونی ڕاستەوخۆ لەو کەمکوژیەدا سزا درا) و چەند کەسایەتییەتری وەک ئاخوند رازینی، موقیسەیی و هتد. ئۆوان نەک هەر بەشداربوون لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە، بەڵکو ساڵانێکی زۆر بڕگریان لەدەکرد و بە "پۆیست" و "شەرعی"یان دادەنا.

شریتە دەنگییە بەنرخ و ئاشکراکەرەکانی مونتەزیری

لەو سەردەمەدا ئایەتوەڵا (حوسێنعەلی مەنتەزیری) کە جێگری خومەینی بوو، یەکێک بوو لەو چەند پیاوە ئایینیانەی کە دژی ئەم کارەساتە هەوەستیان گرت و ناڕەزایەتیی خۆی لە "کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەگەڵ دەستەی مەرگ" تۆمار کرد. لە ساڵانی ڕابردوودا، شریتە دەنگییەکانی ئەم کۆبوونەوانە لەلایەن بنەماڵەی مەنتەزیرییەوە بڵاوکراونەوە. شریتی مەژووییی دووەم، کە لەمدواییانەدا ئاشکرا کرا، بە ڕوونی ڕەهەندە کارەساتبارەکانی کەمکوژیەکە، هەروەها هەشداریەکانی مەنتەزیری نیشان دەدات.

مەنتەزیری لە یەکێک لە کاسێتەکاندا، ڕوو لە ئەندامانی دەستەی مەرگ دەکات: گەورەترین تاوانی کەماری ئیسلامی لە سەرەتای شەشەوە

هەتا ئێستا، لەلایەن ئاوەوە ئەنجامدراوە و لە مێژوودا شەرمەزارمان دەکەن. ئەو بە رووبی باس لەوە دەکات کە ئەم کەمەکوژییە نەک هەر لە بەرژەوەندی سیستەمەکەدا نییە، بەڵکو گورزێکی قورسووە نەکراوەیشە لە شەرعیەتی ئەو دەسەڵاتە.
لەگەڵ بڵاوبوونەوەی شریتە دەنگییە تازەکەی مونتەزیری لە چاوپێکەوتنی دووەمی دەستەی مەرگ لە ڕووتی کەمەکوژکردنی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٩٨٨، ڕاستییەکی شاراوە هێنەر سەبارەت بەم تاوانە گەورەیە ئاشکرا بووە (بی بی سی – شاوی دووشەممە، ١٥ی نۆڤەمبەری ئەمساڵ). لەم شریتەدا کە بەشێکی سەوتەوە، مونتەزیری بە جەختکردنەوە لەسەر بەرپرسیارێتی (ئەحمەد خومەینی) و وەزارەتی ئیتلاعات لە کەمەکوژکردنی زیندانیانی سیاسی، بە ئەحمەد خومەینی وتووە کە "تەخت پەت وتم کە (10) هەزار لەو کەسانە ئیعدام بکرێن کە تەنیا تاوانکەیان، خوێندنەوەی ڕاگەیاندراوەکانی موجاهدینی خەلق بووە". ڕاستییەکیتر کە مونتەزیرد جەختی لەسەر دەکاتەوە، ڕق و کینەی جەماوەریی گشتییە بەرانبەر بە سیستەمی ویلایەتی فەقیهی و دەڵێت: "ویلایەتی فەقیهی بەتە شتێکی قەزوون بە خەڵک، خەڵک وەزاڵە هاتوون لەدەست ئەمانە… هەر ئەو بنەماڵانەی کوشتمانن، ئێستا هەموویان دەڵێن کەواتە (موجاهیدینی خەلق) ڕاستییەکانیان دەگوت!".
لەم شریتەدا مونتەزیری بە ئاماژەدان بە ژنانی موجاهیدینی خەلق کە لە ئۆپەراسیۆنی " بەسەی ئەبەدی" (فروغی جاویدان) لە پارێزگای کرماشان دەستبەسەر کرابوون، دەڵێت: "خەڵخاڵی هەر لەڕ دانیشتبوو، وتی ٣٠ کچیان هێنابووە ئێرە و پەم وتن هەر ئێستا هەموویان لەسێدارە بدەن".
هەرچەندە ئەمانە تەنها چەند دەپێکن لە زەریا و درەنگ خراونەتەڕوو، بەڵام بە بڕاوبوونەوەیان، چەند بەشێکیتری ئەم کەمەکوژییە ئاشکرا کراون. تاوانێکی گەورە کە پرۆفیسەر جاوید ڕەحمان، ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا بە "تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی" و "ژینەسایدی"ی داناون لە دژی موجاهیدین.
ڕاپۆرتەکەی پرۆفیسەر جاوید ڕەحمان جەخت لەوە دەکاتەوە کە: "قەبارە و ژمارەی ئەوانەی دەستیان لەم تاوانانەدا هەیە، زۆر گەورەیە، لە ڕەبەری و دادوەرەکانی شەرع و داواکارانی گشتییەوە بگرە هەتا نوێنەرانی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەندامانی "دەستەی مەرگ" و ئاسانکارەکانی ئەو تاوانە. لە پاسەوانانی زیندان و ئەندامانی سوپای پاسدارانەوە بگرە هەتا هەموو ئەوانەی ئاسانکارییان بە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە کردووە لە بواری یاسا نەودەوڵەتییەکان و پەردەپۆشکردنیان". دەشڵێت "زۆرێک لەو کەسانە، تا ئەمڕۆش لە پستە

باکاندا ماونەتەوە. ئەوانەی لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە بە پێی یاسا نەبوونەتییەکان تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی دیکەیان ئەنجام داوە، دەبێ لەپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و بە سزایی دەبێ لە کەماری ئیسلامی ئەراندا کۆتایی پێ بێت."

کاتی رووخاندنی دیکتاتۆریی ئایینی گەیشتووە

دەیان ساڵ دوای ئەو تاوانە، خەڵکی ئێران ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر دەیانەوێت کۆتایی بە دەسەڵاتی ستەم و سەرکوت و چەوساندنەوە بهێنن. سیاسەتی سازان لەگەڵ ئەم رژێمە، بە تایبەتی لە لایەن حکومەتە رۆژئاواییەکانەوە، تەنیا بووەتە هۆی بەردەوامبوونی تاوان و سەرکوت و فراوانبوونی تیرۆریزم لە لایەن رژێمی ویلایەتی فەقیهی لە ناوچەکەدا. ئەمڕۆ نەک هەر لە ناوخۆدا شەرعیەتی سیاسی دەسەڵات لە ناو چووە، بەڵکو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا وەک یەکێک لە گەورەترین پشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ ناسراوە.

وشەی کۆتایی!

خواستی گشتیی خەڵکی ئێران ڕوونە: ئەم رژێمە دەبێ بڕووخێت. خەڵکی ئێران لە ساڵانی ڕابردووەدا، بە ڕاپەڕینە یەک لە دوای یەکەکانی خەیان و بە تایبەت لە ساڵانی ٢٠١٧، ٢٠١٩، ٢٠٢٢، نیشانیان داوە کە ئامادەن و خاوەن ئیرادەن بە هەناوەیی گەلانکاری بنەڕەتی لە ئێران. هەلومەرجی عەینیی کەمەڵگای ئێران، لە ڕووی ئابووری، کەمەڵایەتی و سیاسییەوە، گەیشتووەتە ئاستێک کە هیچ چاکسازییەک لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا بە مەشکدا نایەت. تاکە ڕێگای گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی لە ئێران، ڕووخاندنی ڕژێمی مەزهەبییە لەسەر دەستی خەڵک و موقاومەتی ئێران. ئەوەش پێویستییەکە زیاتر لە جاران، بانگەشەی ویژدانی مرۆڤایەتی لە سەرانسەری جیهان دەکات.

بەڵێ، کاتی دەسەڵاتکی نەتەوەیی، جەماوەری، دیموکراتی و فرەیی گەیشتووە. بەڵگەکان ئاماژەن بەو ئەم ڕاستییە کە ئەمساڵ، ساڵی ڕووخاندنی دیکتاتۆریەتە لە ئێران.

نووسینی عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

دیسان ئاسۆ حاجی قوومیش کرایەوە.. گەران هەڵبجەیی

سەعد قوەیش دەربارەی نووسەرە قەڵەمفرۆشکان دەڵێت :{لە قۆناغێکدا کە ستەم دەگاتە ئاستێکی باڵا ، ئەو دەمە کایەی هوونەرە گەورەکان بۆتە کایەیەک بۆ ئاسانی لایەن هوونەرە بچووکەکان، ئەو هونەرەی کە خۆی وەک (خاوەن پیشە) دەبینێت نەک وەک خاوەن پەیامێک کە لەوانەیە نرخێکی لەدەستدانی ژیانی بێت.}

د.عەبدولکەریم بەکاریش لەم بارەوە دەڵێت[هوونەرە گەورەکان ئەوکەسانەیە کە هەڵگری هاستیەتی بەرامبەر بە هەزی ستەمکار، هوونەرە گەورەکان ساختەش ئەوکەسانەیە کە نانی لەسەر وەستانیەتی لەگەڵ زاڵمدا دژ بە زوڵم لەکراو]

کارەسات لەوەدایە خەڵک بەهوونەکیر و نووسەر بزانیت و داکۆکی لە دەسەڵاتیکی گەندەڵ و ستەمکار بکەیت. لەوە کارەساتتر ئەوەیە کە ئەو نووسەرە تەواو دنیایە لەوەی کە خودی خەیشی بەوای بەو قسانە نیە.

لەهەردوو زەنی زەردو سەوز چەندین قەڵەم بەدەست هەن کە هەردەم وەک پاسەوانی سەرکردەکان لەئامادەباشیدان بۆ پیاهەڵدان و جوانکردنی هووخساری هەشی سەرکردەکانیان ئەمانە هەرچی بەهای ئەخلاق و ئینسانی و ویژدانی هەیە لەدەستیان داوە، تەنها شتێک کەلەدەستیان نەداوە خەسڵەتی (ماستاوکردنە) بەسەرەوەی خەیان. یەکێک لەم ویژدان فرۆشانە کەسێکە سەربەزەنی زەرد بە نەوی {ئاسۆ حاجی}، ئەم کەسە لەوجەرە [کەیلەنووسەرانەیە] کە کوردستان ئاوبیبات،خەڵک لەوە زیاتر هەژاربێت، مووچە نەبێت،خزمەتگوزاریەکان وەک ئاو کارەبا تەندروستی خوێندن هەگاوبان لە خراپترین دەخدابن ، ئەم مەش میوانی نیەو ویژدانی مردووی نابزوێنێت، بەڵام گەر کەسێکی باڵای حکومی یا حیزبی سەربە پارتی جوەیێک بکات ئەم خەرا وەک بووکە شووشەی قووەمیشکراو دەکوەتە جوە.

قووەمیشکردنەوەی ئەمجارەی دەربارەی [دەسکەوتە مەزن و ستراتیژیەکەی] مەسرور بارزانیە کە لە واشنگتەن وەک هەبوار وەلی دەڵێت (لەسەر بەتانیەکی تەحالووف] واژە کراوە.

ئەم قەڵەم رسواو سوکانە ئامادەن مەرووێک بکەنە فیلێک لەبەرژەوەندی دەسەڵات ،خە گەر بەپچەوانەوە کەماسی و شکستی بێت ئەوە بەبەهای دەکەن.

ئەز ناچمە ناو تەفاسیلی پیاهەلدانەکەی ئاسۆ حاجی کە بەر لە چەندەها ڕۆژێک لە ماڵپەڕی شارپرێس بە ناونیشانی{ئەو گرێیەی مەسرور بارزانی لە ئەمریکا کردیەوە} پەستی کردبوو، بەڵکو تەنها ئەو بۆگانەی لەوەڕدەگرم کە سوود بەم وتارەم دەگەیەنن.

سەیری ئەم بۆگەیە بکەن کە چەند گاڵتەجارێ ،چەند وەرانێ کەدەەت: (لەدوا ڕۆژەکانی ئەو کابینەیەی مەسرور بارزانی بە ماوەی نزیکەی شەش ساڵ سەرکایەتی دەکات، دەسکەوتەکانی گەیاندە ئاستێک، کە خەڵکی کوردستان بەئومێدو خەشحاڵیەوە چاوەڕێن کە سەرکایەتی کابینەیەکی بەهێزترو پە دەسکەوتتری لێبکەن.)
ئاخر بە وێژدان بڕچ ڕوویەکەوە باسی دەسکەوت دەکەیت ؟ ئایا نەتبیستوە لە خەڵک و تەنانەت هەندێک لەپارتیەکانیش بەدزیەوە دەڵێن شکستخوارترین کابینەی ئەم کابینەی مەسرور بووە. مەبەستت کام دەسکەوتە؟ بە کارەبایی، بە ئاوێی، بە مووچەیی ،نادادپەروەری،زیادبوونی دزی و گەندەڵی، نەمانی فەزای ئازادی،کووشتنی نەیاران، بەندکردنی ڕۆژنامەنووسان و پەخشانکردنی داهاتی هەرەم بەئارەزووی خۆی،داگیرکردنی زەوی خەڵک و دەوڵەت و پێدانی بەنرخی تەڕەکە بە مافیاکانی پارتی، نازانم چیترت بۆ بنووسم.

لەم بۆگەیەشدا ئاسۆ نووسیویەتی:
{لەو چەند ساڵەی ڕابردوو، مەسرور بارزانیو کابینەکەی ڕووبەڕووی ئاڵنگاریو فشارو هەرشی زۆر توند بونەوە، بەڵام ئەوانە تەنها بونە هۆزێک بۆ ئەوەی دەستبەرداری ستراتیژییەتی بونیادنان نەبێت، لەبەگەی ڕاستکردنەوەی هەڵەی خواری حوکمڕانیو گرتنبەری ڕێگەی دروست بۆ گرەنتیکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ کوردستان.}
دیارە ئەم ئاسۆیە لەهەساریەکی دی دۆژی وابەسی ئالنگاری و فشارو هەرشی تووند دەکات.خۆزگە بمزانیایە ئەو فشارانە لە چ لایەنکەوە دێن ، ئەوەمە پێناسەیەکی گونجاوم بەدەکرد،ئاخر کە دەوترێت بچوکترین ڕەخنە بگرێت بۆتایبەتی لە زانیی زێرد ؟ گەر شتی وا ڕووبدات هەر بەڵگەی ڕونا کدەیفەنن و بەدەردی سەردەشت عوسمانی دەبەن ،خۆگەر مەبەستی یەکێتی بێت ئەوە ئەوان لەحکومەتدا بەشدارن ،ناڕازیەکانیان تەنها بەڵێ بەڵێو هیچی تر .
سەبارەت بە دەستەواژەی {ڕاستکردنەوەی هەڵەی خواری حکومەانی ،دیارە مەبەستی کابینەکانی پێشوی نەچیرە ،پەم وایە ئەمەش پەیامێکە بە ڕۆگەخۆشکردن بەبەردەوامی مەسرور لەکابینەی داهاتوودا.
حەقیقەتێک هەیە پێویستە بیەم ئەویە هەرچی کابینە هەیە

بەخواری هاتوون ، هەر کابینەکی نوێ دامەزرابێت لە کۆتایدا خواروخێچێکی لووی پشتر زیاتر بووە ،بە دانپیانانی خۆکی هەرەم ئەم کابینە بەسەرچووی مەسرور لەهەموویان خوارترە ،بەجارێک خوارە کە هەرگیز ناست نابێتوە.
لەکۆتایدا دڵنیام مەراق ویژدان پێویستن بەمرۆڤ تا ئاستێکانی پێ ببینێت ،خۆگەر نەبوون ئەودەمە حسابی مرۆڤکی زیانبەخشی بەدکرێت.

چیرۆکێ کە نەمنوسی.. نەوزاد بەندی

بە نیوەشەیکی هاویندا دەت ئەکەوتە چەقوانیەک، هەتا چاو بەکا دەک و داڵی ووشک و زەردهەڵگەڕاو ئەبینی، بەشکی دەشتەکێ سووتاوە، زیکزیکەیەک بە دەکەکەوە وشکهەڵاتووە، دەپەیەک ئاو لە هیچ شوێنکەوە نابینی، بەرە بەرە قوڕگت ئەبە بە پەاس، حەز ئەکەی جنێوە بدەیت، بەس نازانیت بە کێ.
نیمچە بایەکی گەرم دەت بە ڕووتا، لەگەڵ خەیدا بۆگەنێک ئەدا بە لووتتا، هەنگێ بۆگەنی پشیلەیەک بە کێ ئوتومبیلێک شڵابێتی، یان باڵندەیەکی مردارەوە بوو..یاخود مەڕکیان لەو دەشتەدا کەوە کردبێ، ناوسک و پستەکیان بە جەهشتبێ و بۆگەنیان کردبێ، لەگەڵیدا قینگەی هەزاران مەش ئەبیستی، وات لەدەکەن ئابکەیت، مەرج نییە بە کوێ، گرنگ ئەوەیە ئابکەیت و دوور بکەویتەوە و تەواو..
لەڕدا نزیکترین هاوڕێم لە ئاست ئەبێتەوە، ئەڵێ : جا کوا ئەمساڵ دەک و داڵ هەیە؟ سوپاس بە خوا بارانێکی زۆر باریوە و لە وشکەساڵیی دڕچووین، دەشت و دەر هەمووی چەم و کانی و کارێز و قەبەزەیە ..بەڵکەی دوکانیش سەرەڕژ بووە.
یەکێکی تریان ئەڵێ، بە هیچ جۆرێ ڕەپەدراو نییە مەڵ و ماڵات لە دەشت و دەر کەوە بکرێن، لە هەموو شارەکانا قەسابخانەی گەورە و پاک و تەندروست بنیاتنراون و پزیشکی بەیتاڵی تایبەت پشکنینی گشتی بە مەڵ و ماڵات ئەکەن پێش سەربڕینیان، هەر بۆیە دڵی مەڵ سەربڕینکەت هەنگێ داواکاری گشتی بەنێتە سەر خەت و پاڵکەشی دادگات بکەن.
مەبایلەکەم زەنگی هاتنی نامەیەک ئەدات بە گوێمدا، ئامەزایکەم لە

فەرنسا، نوسیوەتی: کاکی من! خراپ دەستت داوەتەوە، بۆ تۆمای ببی بەچی؟ کافکا؟ ستاندال؟ گۆرکی؟ وازبێنە برا، ئەوە تازە لە دەرەوەی کۆچەر و شتن،خوا نانکی داوە، بە خێت بیخە و لەسەرئێشە مەگەڕێ، بەچی عەسابیکت لە تاین بە و فیشکبارانت بکا؟ ئەو وەسفە ترسناکە چییە کردوتە.
ئەچمە نانواخانەکەی عەتوش، لە پشتەوە کەسە قەڵەم ئەگرێ، ئاوڕکی خەرای بە ئەدەموە، سالە زیکەی هاوڕێی حوجرەی پێش نیو سەدە ئەبینم، هێشتنی عەرەقەک و هەناسیەکی ساردم لە هەمان کاتدان، لە کاتێکدا پێنجە ڕەق و شین هەڵگەڕاوەکانی وەک جاجاڵۆکەیەکی گەورەی قەزوەن لە قەڵەم ئەکەموە، پێی ئەڵێم: هەتیوا! دەستت ئەمێنی مەنگەنەیە، ئەم حەرەکە قەڵەنە کەی تەرک ئەکەی؟
سالە زیکە ڕەک بە پێکەنینێ قوقەی کۆشەری نەخۆشئاساکەی پێش پێنجا ساڵەوە، ئەڵێ: ئە کە ئەوەندە ئەترسیت، بەچی وا خراپ ڕەخنە لە حوکمەت ئەگریت؟ ئەو پەرەگرافەی کە دزەی کردووە، هەر ووشەیەکی میرازییەکی چاکی پەویە..
ئەموە پێی بڵێم کام پەرەگراف و ..کام ووشە و .. چ گەمژەییەکە دەستت داوەتە، بڵێام پێم باشە قسەی تەدا خەرج نەکەم، پارەی نانەکەم لە ڕیزی سەرەگرتنەکە دەردەنم و بە تووڕەییەوە ئەڵێم، گوێم لە نییە لە دواوە سالە زیکە چی دەڵێ و چی ناڵێ، هەندە جار پیاو لە ناکاو تووڕە ئەبە، ڕەنگە ئەو شتەی بە هەیەوە تووڕە بووە، شتەکی ئەوتە نەبە، ئەتوانین بڵێین ئەو شتە هاوکاتە لەگەڵ پەبوونی دەت لە تووڕەیی و خە خواردنەوەی ساڵەهای ساڵ و لەڕانی.. حەزم کرد زەر خەرا لەی دوور بکەومەوە نەک سەڵاوی ئەو تووڕەییە، دەم و قەپەزیم پەبشکێنە، لەگەڵ هەر هەنگاوەکمدا ئەهاتە بەرچاوم کە چۆن بە هەموو هێزی خەموە مشتەکێکی لە نەوان دەم و لووتی ئەدەم، لەو شوێنەی کە سمێڵی لە نەدەوا، پەمان ئەوت مەغەل، ئاخر مەغەلەکان چاڵی خوار لووتیان مووی لە ناوە، هاوکات لەگەڵ پڕانی لوتی و لەقبووونی دوو دانە کەروشکییەکەی، بیر لەوە ئەکەموە ئەبە سالە چی ووتبە وا بەو هەموو هێزەوە، ئەو مشتەکوێمە پیا کەشاوە؟ لەوەدا خەیشم نازانم کە ئەو مشتەکێیە کەکراوەی تووڕەیی دەیان ساڵە، مشتەکێگەلەکی دەیان ساڵە شاردوومنەتەوە و نەموشاندوون، دڕی ئەو مامۆستا حیزبییانەی زانکە کە لەبەر بڵایەنیی و بەکەسیمەوە نمڕیان لەدشکاندم بە ئەوەی کاروانی خوێندنی باڵام پەک بخەن و ڕاوانەی سەربازگام بکەن. هەی ئەو عەریفە نەخوێندەوارانەی لە هیچ و خەڵایی سزای تۆندیان ئەدام..هی ئەو بەڕێوەبەر و فرەشیار و پاسەوانی بازگە و وەزیر و کابینەی حوکومیی و شەفەری تەکسی و هاوڕێ و دراوسێ کۆیانەی کە ئەشکەنجەیان داوم و

کاردانەوەم نەبووە و بەسەر خەمم نەهێناون..
لەو سەری شەقامەکە ئاوڕ ئەدەمەوە بە ئاوەی دنیایم لەوەی دەم و قژپڕزی سالە زیکەم نەشکاندووە، لە دوورەوە نەوان لووت و دەمی بە لێڤیی ئەبینم، زەر ئاسایین و خەڵنیان پیا نایەتە خوارەوە، هەک وەک هی هەلاکە وایە، دوو چەپک سمێڵی بە یەکتر نەگەیشتوو، چاڵکی خوار لووتی لوس و سفت و بە موو، لە جەسابونی گەرماوە کەنەکان ئەچوو، کەواتە مشتەکێڵەم نەوەشاندووە
ـــ وەرەوە، نانکەت ببە، مەترسە، بەرپرسەکی باڵای ئاسایش ئەناسم .. وەرەوە ..مەترە ..!
شەو سەعات دە و چارەک، ئەمەوە تەماشایەکی بەشکی ڤەمانی ئاغاکانی ئاکچەساز بکەم، خوشکە گەورەکەم زەنگم بە ئەکا :
ـــ بەڵێ، فەرموو ..
ـــ ئەڵێی گیانی خەت لە زیادە؟ ئەمانە کاغەزی سپی ئەخوەنندەوە، وا ئەزانی نازانن دەک و ووشکەساڵیی و بەگەنی پشیلەی تەپیو مەقسەدت لەوانە؟
ـــ تە ئەمەت لە کوە خوەندەتەوە؟
ـــ وا دیارە ئاگات لە نییە، لە تیکتەک ملیۆنەک فەڵیان کردووە و دەیان هەزار دەستخەشی و جنێو و هەڵشەت بە هاتووە؟
هەناسەیەکی ساردی تر هەڵئەکێشم، هەوە ئەدەم بەسەر خەمیدا نەهێنم و تووڵەیەکەم قوت بدەمەوە ..

ـــ ئێستا من چی بکەم ؟
ـــ وەڵا خەت ئەزانی .. ڕەفیقەکانت هەموویان بوون بە ملیۆنێر و ملیاردێر، لە ئێستەمبوە و دوبەی ڤێلایان هەیە، تەیش بە دیار کیبەردی مەبایلەکی پەنجا هەزاریەوە، خەریکی سەری خەت ئەکەی بە فەتارەتەکا ـــ
ـــ چ سەگبابە پەرەگرافە نوسینی منی خستەتە ناو تیکتەک؟
ـــ خەت ئەزانی ..ڕەنگە هاک کرابیت، ڕەنگە هەر چوار دەوری ماڵەکەت کامەرای چاودێریی و شت بە ـــ
قسەکەی پێ ئەبڕم و مەبایلەکە دادەخەمەوە، هەمان کات، پاوەر ئۆفی ئەکەم، بە خەم ئەڵێم : لەم دارستانەدا مەبایلت بۆچیە؟ لەم دز و درێزنخانەیەدا قسە لەگەڵ کێ ئەکەی؟ لەم ترسنۆکخانەیەدا..لەم کەیلە و کاسەلەسستانەدا، بە تەمایت چی بنوسیت و کێ پشبەخەیت؟ لەم جنۆ و جەت و چەقۆخانەیەدا..لەم گەوادخانەیەدا.. لەم گەستانەدا بە تەمایت کێ زیندوو بکەیتەوە؟ کەیت تە کابرا؟ حەزرەتی عیسایت یان مەهدی مونتەزەر ؟
دەست بە قاوەکەم ئەبەم، لە مێژە بەسەر ئاغاکانی ئاکچەسازدا

ژاوە.
دوو ژن دوای ئەو نامەیەکم لە ژمارەیەکی نێناسراوەوە بۆدێت، پێ پێ لە جنۆو، لە کۆتاییدا نووسراوە ئەگەر دەمکوت نەبیت، جنێوەکانت بە ئەکەین بە فیشک.
دوای ئەو چەند ئیمەیڵ و نامەی مەسنجەر و وەتس ئەپ و تیلیگرامم بۆ هات ..
(بۆ تەمای عەقڵی خۆکەکە پاوان بکەی؟ خەیاڵت خاوە.. تۆ لە گیژەی مەشولە لاوازتریت.... هتد)
(بۆ عومرەکی پیرە مەیێوە، چی ئەکەیت لە تیکتۆکا؟ کە ئەتخوێنەتەوە؟ بۆ کێ ئەنوسیت؟ وا ئەزانیت ئاوایی بکەس؟ .....هتد)
(براکەم ، ووەنکردنەوەمان لێت ئەوە، ئەو هەموو ناشوکریی و کفر بۆ نیعمەتە چییە کردووتە؟ مەعقوڵ باسی جێگایەکت کردووە، هیچ نیعمەتێکی خوای تێدا نییە؟ ئەمە چ گومڕایی و سەرلێشێوانێکە؟ ئەمە کوفرێکی سەریحە تۆ کردووتە، ئەبۆ بە خڕایی ئەو ....هتد)
(واز لەم جوکە جوکە بێنە، ئەزانین پیاوی کێی، خێت و ئەویش سەد ساڵی تر چەنە بدەن، کەس ئاوەتان لە ناداتەوە، هەموو ئاوی دوکان و دەربەندیخان بخەنەوە، کەس پێتان ناڵێ عافەتتان بێ، ....هتد)
(خێت بۆ چی ئەزانیت قسەڵە ؟ لە دوو تۆڕە میران ئەچی، پارویەکیت نە بۆ خواردن ئەشیت، نە هیچ کەس قەزی دێت تەماشات بکات ... هتد)
(وا مەزانە لێت بۆ ئاگاین، سەردانی مزگەوت ئەکەیت و پێشتر بۆ چاوبەست لەسەر کورسییەکانی دواوە نوێژت دائەبەست، ئەستا ڕێک لە پشت ئیمامەوە، قامەت ئەکەی، ئەو دەکە لە ژێر پێت دەردەنین و ..فەرت ئەکەین عەلی کوڕی کێیە ، هەی تیرێریستی ....هتد)
سێ ژن دوای ئەو بۆمبەوبارکەم کە 25 ساڵ لە خەم بچوکترە، زەنگێکی بۆ کردم :
ـــ هەتا ژوورەکەم دێیت؟
ـــ نەخێر ناتوانم بەم یان ڕاستتر ناتوانم ڕۆ بەخەم بدەم بەم ..
دوای پێنج خولەک خۆی هات، ووتی : من وەک خەم هیچ کێشەیەکم نییە، پارەزەرێک و دوو نووسەری دادگا لە ژوورەکەم دانیشتوون، نازانم بۆچی هاتوون، داوای تۆ ئەکەن، ئێشەکەن کەمپانیاکەتان ڕێنگە لە ڕیزبەندییدا دابەزێ بۆ پلە دوو ..ئەڵێن داواکاری گشتی ناردوینی، هەتا دەسێ بۆ تۆ بکەنەوە و ئیفادەت لێوەربگرن.
بۆمبەوبەر وەک منداڵێک وابوو تەماشای باپیرەکی قومارچی و بەدمەست بکا، بەو جۆرە بۆ ترس و دڵەڕاوکێوە تەماشای ئەکردم، نەیئەوێرا یان شەرمی ئەکرد بپرسێ چیم کردووە وا ئەو هەموو کاربەدەستەی دادگا پەمەوە سەرقاڵ بوون..

کچ پارێزگارێکی باڵامام ناوەند و هەش ئەسمەر، لەگەڵ دوو پیاوی تەمەن لە نێوان 30 بۆ 35 ساڵیدا، بە میز لەسەر کورسی و مێزی بەردەوبەر دانیشتبوون. دوو پیاوەکە یەکەکیان مووی پڕوو نەبوو، ئەوی تریان ڕیش و سمێڵکی خورمایی بڕدابوو، لە ئەکتەرێک ئەچوو پێش 40 ساڵ لە فیلمەکدا بینیبوم، لەو ئەچوو ئەو ئەکتەرە لە ناوەڕاستی فیلمەکدا کوژرا بێ یان ڕفێنرا بێ.
پارێزەرەکە لەچکەکەی تەرازوو کرد، بە ئەوی سێیرم بکا، ووتی : ناوی سیانیی و ساڵی لە دایکبوون و ژمارەی مۆبایل و ناونیشانی کار و ناونیشانی ماڵەکەت ..
ـــ تۆ لە ساڵی چەندەوە شت ئەنوسی ؟
ـــ لە منایيەوە ..
ـــ یەکەم نوسینت کەی بڵاو کردەتەوە ؟
ـــ ساڵی 1984
ـــ لە چ بڵاو کراوەیەکدا؟
ـــ گەڵاری کاروان
ـــژمارە چەند ؟
ـــ ژمارە 32
ـــ هەگەزی نوسینەکەت چی بوو؟
ـــ شیعر
ـــ ناونیشانی شیعرەکەت لە بیرە ؟
ـــ بەڵێ ..یەکەم بابەت کە بڵاوی ئەکەیتەوە قەت لە بیرت ناچێتەوە، ناونیشانی شیعرەکە : بەرگی چیا بوو.
خانمی پارێزەر لەناکاو زەر میهرەبان بوو لەگەڵمدا، چاوی لەسەر هەڵنەدەگرتم، وەک ئەوەی لە منداڵ بە دنیایەکی زەر گەورەتر لەم دنیایە بگەڕێ ..
ـــ ئەو کاتە چ کارە بووید ؟
ـــ لە زانکەی موسڵ تەڵەبە بووم، لە پڵی یەک، کەڵەژی زانستی.
ـــ هیچەک لەو شیعرەت لە بیرە؟
ـــ کە ئەزانێ
بەرگی چیا
بەجگە لەبەرد، چ بەرگەکە؟
بەفر و هەشەبا و سەرمایە..
گەرمی و تیشک و هاوناکی یە ..
لەهەوارە .. گژ و گیایە ..
کەختی قوڵە .. تاریکییە
خاک و خەڵە
گیانەوەری ئازا وسرکە

گەواڵە هەوری نەوبیە ..
باراناوە .. گوڵ و دڵکە ..
کانزای بەنرخ و بێ نرخە ..
لەو شارانەیش کە هەشتا هەتاویان تیا نەواوە
بەرگی چیا بەجگە لە بەرد
خوێن و دەنگ و ئاگرێکی هەڵکراوە ..

کچە پارێزەرەکە بە چمکی لەچکەکەی نەوان هەردوو چاوی سڕی و بە چەند چرکەیەک سەری داخست، هەمان کات پیاوە ڕیش و سمێڵ خورمایەکەی لە ناوەڕاستی فیلمەکەدا کوژرا بوو یان ڕفێنرابوو، بە کەمچیکەدانیەوە ووتی :
ـــ نەهاتووین کەڵکی شیعریەت بە سازکەین و خەڵاتت بدەینێ، لەبەر ئەوە مەرج نیە هەموو پرسیارەکان بە ووردیی وەڵام بدەیتەوە.
پیاوە کەستەکە بەردەوام شتی دەنوسی، واتا هەرچی قسەیەک بکرایە، ئەو ئەینوسی، دەست و خەتکی جوانی هەبوو، بە خەتی ڕوقعەی ووردە، پیاو حەزی ئەکرد بیخوێنێتەوە.
کچە پارێزەرەکە سەری بەرز کردەوە، چاوەکانی سوور بووبوونەوە، لە نەخشەکی تالاسیمیا ئەچوو یان ئەشکگرێک شەوکی دوور و درێژ بەدار بووبێ، زەر بە گرنگیی و عەشقەوە تەماشای ئەکردم، وەک ئەوەی وونبوویەکی ساڵەهای ساڵی لە پەکدا دەزیبێتەوە و نەوەڕە وەک ئەرخەمەدس بە ڕاکردن بەواتە دەڕەوە و هاوار بکا : دەزیمەوە !
ـــ لەو ساڵانەی زانکەدا چالاکیی سیاسی و نەتەوایەتیت هەبوو ؟
ـــ نەخێر .. من قەت نەچووم‌ەتە حەوشە و داڵان و هەیوانی هیچ حیزبەکەوە .. بەڵام زۆمم پەناخش بووە و بەرەنگاری بوومەتەوە ..
ـــ وەکو ؟
ـــ وەکو ئەوەی کە کورد ئەنفال کرا، لە ڕۆژی زانکەدا، پێشانگایەکی شەوکاریم لە کەڵەکەمان کردەوە، یەکێک لە تابلۆکان باسی لە ئەنفالی ئەکرد..هەروەها ڕۆژنامەی شەرارە و ڕۆبازی نوێمان لە نەوان خەماندا بە نهێنیی دەستا و دەست ئەکرد، کتێبەکانی لینین و ماڕکس و سارتەریش ..
ـــ چۆن؟ تابلۆکەت چۆن بوو؟
ـــ تەختی تابلۆکە ڕەش بوو، واتا کاغەزی ڕەش، لە پشتەوە دوومناڵ دەستی دایکیان گرتبوو، لەگەڵ گوندەڕێکدا ..
ناوی تابلۆکە : الرحیل نحو المجهول .. واتا کۆچکردن بە جێگایەکی نادیار.
ـــ چی ڕوویدا ؟
ـــ ڕۆژی دووەمی پێشانگاکە، لەپرسراوی ئاسایشی کولێژ، دکتۆر

جوبەئیل بەرسوم، ئەو تابلۆیەی لێ کردووە.
ـــ ئێ ؟
ـــ بە جەماعەتی ئیتیحادی کلۆژی وتبوو : هەی گەمژە و خوێیانە! ئەم کابرایە تەخنەی لە قائیدی زەرورە و عەمەلیاتی ئینفالی مەجیدە گرتووە، چۆن پێتان نەزانیوە؟
وتبوویان کە لەمان پرسیوە بابەتی ئەم تابلۆیە چییە، هاوڕێیەکی وتوویەتی : زوجها ظاربها بالتوثیة و طاردها مع جهالها ..
ـــ یەعنی چی ؟
ـــ تۆ عەرەبی نازانی ؟
ـــ نەخێر .. ئەمە نەوەی دوای ئاپۆینین، زمانی عەرەبی فێر نەبووین..
نەمئەتوانی تەماشای چاوکانی خانمی پارێزەر بکەم، وەک دوو پەپولەکە بە ئەوخسارەوە نیشتبوونەوە.
ـــ واتا ئەم تابلۆیە باس لە ژنێک ئەکا هاوسەرەکەی بە تەنا لەی داوە و لەگەڵ هەردوو منالەکەیدا دەری کردووە، هاوڕێیەکم بۆ جەرە بە لێژنەی تەلەبە بەعسییەکانی لەکدایەوە، بە ئەوەی بهەڵەن لە پشانگاکەدا پیشانی بدەین.
ڕیش خورمایەکەی کە لە ئەکتەرێکی کوژراو یان ئەفنراوی کۆن ئەچوو، بە جاری دووەم بەزار بوو، ناحەقیشی نەبوو، چونکە هەستی بە جەرەک لە هاوسەزیی ئەکرد لە نەوان من و خاتونی پارێزەردا، بە خەرایی و دەنگەکی تا ئادەیەک تەکەڵە وپەکەوتوو ووتی : سەاواتی لەبەدەن کاتمان بە دەستەوە نەماوە.
ئەمە لەڕدا هاتووین بە لەپرسینەوە و تەنانەت دادگاییکردنیشت..بە کورت و کرمانجیی ئەم پەرگرافەی تە نوسیوتە، تیکتەکەرێکی بەناوبانگ لە والی خێدا بەاوی کردتەوە، ناوی خولە زیکزیکەیە و .. بە ووشەی (زیکزیکەی وشکەڵاتوو) سەرسام بووە.. ئەمە کێشەمان لەگەڵ هیچ دەقەکی ئەدەبی و هونەریدا نییە، ئەزانین هیچ کاردانەوەیەکیان نییە و هیچ کەسە نایانخوێنێتەوە، بەڵام ئەم پەرگرافەی تە لە والی تیکتەکی خولە زیکزیکەدا بینەرەکی زەری هەبووە، وا لە دوو ملیۆن کەس نزیک ئەبێتەوە..ئەگەر بزانیت تەنها حەوت سەد هەزار کەس ئامادەی دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەران بوون کەچی دوو ملیۆن کەس لە دەوری ئەم پەرگرافەی تە کەبوونەتەوە لە والی تیکتەکی خولە زیکزیکەدا، ئەزانیت چ کارساتێکە؟ واتا ئەستا خولە زیکزیکە ئەتوانە بە چەقۆنەیەک حوکمەت پێک بێنێ و پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە ..
من پێکەنینم ئەهات، خاتوونی پارێزەر بە ووردیی تەماشای ئەکردم، وەک ئەوەی تەماشای تابلۆیەکی ڤنسنت ڤان کوخ بکات ..

کوژراو یان ەفڕاوی ناوەندی فیلمی پێش 40 ساڵ، بەردەوام بوو لە قسەکردن :
هەر بەیەکێ ئەوەی لەسەر تەیە، داوایەک لە دادگای کەستیی تەمار بکەیت و داوای مافی خاوەندارێتیی ئەو پارەگرافە لەسەر خولە زیکزیکە تەمار بکەیت، ئارەزووی خەیشتە ئەتوانیت داوای قەرەبووی مادی و مەعنەویشی لەبکەیت، ئیتر بەو جۆرە پارەگراف لە والی ئەودا ئەسەرەتاوە و دەتە والی تە، وەک پێستەکانی ترت تەنها دوانزە کەس ئەیبینن و تەنها سابیر و ئەرسەلان ئالانی و نەبەز موستەفا لایکی دەکەن، وەک دەقەکانی ترت.

ـــ واتا کێشەکە سیاسیی نییە، تەنها بەریەککەوتنی زیکزیکەیکی ووشکەهاتوی پارەگرافکی تەیە لەگەڵ شەرەتی زیکزیکەی خولە و جەماوەرە بە شومارەکەیدا، ئەوەیش هەنگە کارەساتەکی سیاسی لە بەرپا بە، چونکە تا ئێستا، بەجگە لەو پارەگرافی تە، هەرچی پێستی خولە زیکزیکەیە نوکتە و قسەی قەڵەق و ملیۆنەها لایک و دە و دەستخۆشیی هەیە، ئەوانە ئاسایین و پێیشمان خۆشە، با خاڵێک بە خەیان نوکتە بگەڕێنەوە و پێبکەنن، بەڵام ئەم پارەگرافی تە لە والی خولە زیکزیکەدا، کارەساتەکی نیشتمانییە و هەڵەشە لە ئەمنی قەومیی ئەکات …هتد

ـــ بە بنەبەرکردنی تەواوەتیی بابەتەکەیش لەناو ئەو جەماوەرە دوو ملیۆنییەدا کە هەنگە ئێستا بووبن بە سێ ملیۆن و زیاتریش، پێویستە تە بە شێوەیەکی پێزەتیف و گەشبینانە ووشەکانی (بە ئاوپی و زیکزیکەی وشکەهاتوو، دەک و دار ، پەڕەی سووتاو، بەگەن، پشیلەی شەلەراو، باڵندەی مردارەوە بوو، مەڕەی سەربڕاو، قینگەی مەش، هاکردن) لەک بدەیتەوە، بە نمونە بەڕەی ئەو ووشانە وەک لەکدانەوەی خەونەکان، پەچەوانەکانیان هاستن و .. ووشات ئاوەدانە و …هتد ..
خاتونی پارێزەر ، پرسی :
ـــ ئەی چۆن بە هەی ئەو تابلۆیەوە هاپێچی زیندانەکانی بەعس نەکرایت؟
ـــ خراپتریان بەسەرهەنام ..جوبائیل بەرسوم ئێزانی من زیرەکترین تەلەبەی بەشی بایەلۆجیم و خەون بە خوێندنی ماستەر و دکتۆراوە ئەبینم، هەستا لە وانەی هەشنبیری نەتەوایەتیی و سەڵ بایەلۆجیدا نمرەیەکی زەری لە شکاندم، وایکرد ببمە پێنجەم لەسەر ئاستی کەلاژ، لەو سەردەمەیشدا تەنها یەکەمی کەلاژەکان دوای 45 ڕۆژ سەزیازیی، ئەگەڕانەوە کەلاژ بە تەواوکردنی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا ..
خاتونی پارێزەر دەی پە بوو، بە دوو چاوی پە لە فرمێسکەوە ووتی :

ـــ ئەی تۆ ؟
ـــ سێ ساڵ زیاتر سەربازییم کرد .. ئەو سێ ساڵە لە باسکردن نایەن، لە ناخەوە لە سەدا درابووم بە بەبەشکردنم لە خوەندنی باڵا، لە ووکەشیشدا لەو سەربازگا ترسناکانەدا بەرە بەرە مرۆڤایەتیی و شارستانییم تێدا کاڵ ئەبوونەوە، ئێوخان ..واتا بووم بە گیانەوەرێکی تر لە سەدا سەد جیاواز لەوەی زانکۆ ..
لە دەرەوەی فەرمانگە، هەردوو پیاوی دادگا چوونە ئوتومبیلەکەوە، خاتوونی پارێزەر بە چەند ساتێک ڕاوەستا و بە هەواشیی ووتی :
ئەکرێ تەلەفۆنکت بە بکەم لە هەر کاتێکدا کە بتەوێت؟ ؟
تەماشایەکم کرد، وەک دیلێکی نهێنیی هاتە بەرچاوم کە بیەوێ نامەیەکم هەر چۆنێ بە بداتێ، بیگەیەنمە دەستی کەس و کارەکەی ..
جێنشینی ئایەنزم بیرکەوتەوە لە فیلمی شەمەندەفەری شەو بە لیشبۆن، مامۆستای فەلسەفەیە، هێڵی وانەوتنەوە بە جەدەهێ و لە سویسراوە بە شەمەندەفەری شەو، بە بەرتوگال ئێوا، بە شاری لیشبۆن، بە گێان بە دوای چیرۆکی ژیانی ئامادیە، کە پزیشکێکی سەردەمی کەمۆنیستیی بورتوگال بووە، ئەم چیرۆکەی بە ڕەکەوت لە ڕەی کتێبەکەوە پێ ئاشنا ئەبە لە پاڵتەی کچێکدا کە ئەیەوێ کارێکی خوکوژیی بکات و ..جیرۆنی ئایرۆنز فریا دەکەوێت و ڕزگاری ئەکات.
لە لیشبۆن چاویلکەکەی ئەشکێ، خانمە پزیشکێکی چاویلکەساز، چاویلکەیەکی بە دروست ئەکا، بە ڕەکەوت مامی ئەو خانمە، بەرپرسی شانەی پارتیزانیی دکتۆر ئامادیە بووە ..
خاتونە پزیشک بە جیریمی ئایرۆنز سەرسام ئەبێ و خۆشی ئەوێ، بە ئەوەی ئەو ئاگای لێ بێ، دوا جار داوای لە ئەکا لە لیشبۆنە بمێنێتەوە و ..واز لە سویسرا و زانکۆ و وانەوتنەوە بهێنێ ..
بەڵام من ناتوانم ..
پێم ووت :
ـــ بمبووری، ناتوانم .. وا بزانم هەموو شتێکمان باس کرد.
وەک پێکراوێکی مەیدانی جەنگ، بە هەر جۆرێ بێ، خاتونی پارێزەر و نیگاکانیم بەجێهێشت.
ئیتر بەو جۆرەی لە بەسەرهات، بیەێ بیارم دا ئەو چیرۆکە نانوسم..وەنکردنەوەیش بە پیت بە پیت و وشە بە وشەی بکەم و بیدەمە دادگای کەستی و داواکاری گشتی و دەسیەی .....هتد .